# تەلەڤزیۆنێکی دیکەی ئاسمانی کوردی دەکرێتەوە

تایبەت بەمیدیا/ دوای هەوڵدانێکی بەردەوامی حکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەدەرەوەی وڵات بەسەرۆکایەتی د.جەواد مەلا، ڕۆژی ۲۰۰۵/۳/۱۱ حکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی (ڕۆژئاوا- ROJAVA) و ڕادیۆی ئاسمانی ڕۆژئاوا کە پەخشەکەیان هەموو ئەورووپاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان دەگرێتەوە، دەخاتە گەڕ. کە ئەو ڕۆژە هاوکاتە لەگەڵ یەکەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی ڕۆژئاوای کوردستان و ڕاگەیاندنی حکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەدەرەوەی وڵات.

پەخشی ئەزموونی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی ڕۆژئاوا هەموو ڕۆژێکی هەینی بۆ ماوەی کاتژمێرێك دەبێت لەکاتژمێر ۱۱-۱۲ بەکاتی باشووری کوردستان بەم فریکوانسانە:

ROJAVA
Hotbird, transponder 75
Frepucncy 12207
Symbol rate 27500
Fec 3\4

پەخشی ئەزموونی ڕادیۆی ڕۆژئاواش ڕۆژانە کاتژمێرێك دەبێت، لەکاتژمێر ٦-٧ بەکاتی باشووری کوردستان بەو شێوەیە:

ROJAVA
13 degrees east